## گۆڤاری رامان

"رامان" گۆڤارێکی "رۆشنبیری گشتی" یە لە هەولێر دەردەچێت. خاوەن ئیمتیازی گۆڤارەکە "شەوکەت شێخ یەزدین" و سەرنووسەرەکەی "ئازاد عەبدولواحید" ە.

گۆڤارەکە، هەر لە سەرەتاوە ئاورێکی باشی لە نووسەر و شاعیر و توێژێنەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان داوەتەوە و دەکرێ بڵێین هیچ ژمارەیەکی لێ دەر نەچووە کە چەند بەرهەمی خاوەن بیرانی رۆژهەڵاتی تێدا بڵاو نەکرابێتەوە.

لە ناو نووسەرانی رۆژهەڵاتی کوردستانیشدا کە بەرهەمیان بۆ "رامان" ناردبێت، بۆکان و نووسەرەکانی شوێنی تایبەتیان هەیە و بە گشتی رامان دەلاقەیەکی باشە بەرەو لایەنی رووناکبیری شاری بۆکان. هەر چەشنە هەڵسەنگاندنێکی مێژوویی رووناکبیری شاری بۆکان لە سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکەمین، بە بێ روانینە "رامان" ناتەواو دەبێت. هەندێک لەو نووسەرە بۆکانیانە بریتین لە ئیسماعیل ئیسماعیل زادە، ئەمین گەردیگلانی، برایم فەرشی، ناسر وەحیدی، عەبدولخالق یەعقووبی، یونس رەزایی، وریا بوداغی، محەمەد رۆستەم زادە، هادی حەبیبی(هاوڕێ)، حوسێن شێربەگی، نەشمیل کرمانج، ماپارە ئیبراهیمی، فاتمە حوسێن پەناهی، لەیلا ساڵحی، کەریم حیکمەتی، محەمەد رەمەزانی، فەوزیە سوڵتان بەگی، عومەر عەبدوڵلابەگی، عەلی غولامعەلی، رەسووڵ سوڵتانی، محەمەد ئەمین شاسەنەم، سەلاح نیساری، ئەنوەر سوڵتانی و...

رامان – مانگانەیەکی رۆشنبیریی گشتییە بەڕێوەبەرایەتی گۆڤاری رامان دەری دەکات، خاوەن ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزین، سەرنووسەر : ئازاد عەبدولواحد، هەولێر، ژمارە ٨٥ – ٨٤ (٢٠٠٤/٦/١)، ژمارە ١٢١ (٢٠٠٧/٦/٥).